2021-2022

# چەند جوانە

نووسینی:محمد یاسین



چاپ نەکراوە

# ناسنامەی کتێب

2022-2021

ناونیشان:چەند جوانە

..............................................

نووسەر:محمد یاسین

............................................

بابەت:گەشەپێدانی مرۆیی ئایینی

..............................................

پێداچوونەوەی: ئەیاد فەهمی & احمد محمد

.......................................................

دیزایینی دەق: ئالان مرعان

.................................................

---

تێبینی : چاپ نەکراوە ئەم بەرهەمە تەنها بەشێوە پی دی ئێف بەردەستە مافی بڵاوکردنەوەشی ئاساییە بۆ هەر کەسێک بڵاوی دەکاتەوە یان چاپی دەکات.

---

## بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

## پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ خودای گەورە بۆ تەواو کردنی ئەم نامیلکەیەم، ئەو نامیلکەیە پێکهاتووە لە بیست و سێ بابەتی جوان و پوخت، کە بابەتەکان لە چوارچیوەی ئەو ژیانەی ئێستاماندایە، پێکهاتووە لەو بابەتانەی کە هەوێنێکی دونیای سەرکەوتنمانە، هەر بابەتێک کە باسم کردبێت، نمونەیەک لە قسەکانی خودای گەورە و نمونەیەک لە قسەکانی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێت) و هاوەڵانیم هێناوەتەوە کە ئەوان پێشینەی سەرکەوتنی ئێمەن، بۆیە بابەتەکان فێرمان دەکات چۆن مامەڵە بکەین بە مامەڵەیەکی سەرکەوتنانە لەم ژیانەماندا گەرانم بۆ کردووە باسم گێراوەتەوە، هەوڵم داوە بە چیرۆک لە هەندێک باس باس بکەم، قسەکانی بانگخوزی گەنج عمر ال عوضە م باسکردووە و شیکردنەوەم بۆ قسەکانی کردووە لە دوای ئەو هەموو ماندوبونەم و گەرانەم، سوپاس بۆ خودا لە بیست و سێ بابەتی جوانم باسکردوو خستمە بەر دەستی خوێنەر.

# ناوەرۆک


چەند جوانە زەردەخەنە.............................................................4

چەند جوانە ڕێزگرتن لە بەرامبەرەکەت..................................................5

چەند جوانە گوێگرتن بۆ ئاموژیار.......................................................6

چەند جوانە کاتێک کەسێک زانستێکی وای لا نییە لە جیاتی گاڵتەکردن پێی فێری زانستی دەکەیت.........................................................................7

چەند جوانە کاتێک کەسێک هەڵەیەک دەکات و لای خەڵکی باسی ناکات...........8

چەند جوانە کاتێک مرۆڤ قسەیەک دەکات ئاگای لە قسەکەیەتی کە چی دەڵێت.....9

چەند جوانە ئەو دڵانەی لە خوداوە نزیکن............................................10

چەند جوانن ئینسانە پاکەکان.......................................................11

چەند جوانن ئەو کەسانەی گوێ بە قسەی خەڵک نادەن.............................12

چەند جوانە ئەو کارەی ئەنجامی دەدەیت دڵتی بۆ ببەخشی ......................13

چەند جوانن کەسە ڕاستگۆکان و دەستپاکەکان.......................................14

چەند جوانن ئەو کەسانەی سەیری ئافرەتی نامەحرەم ناکەن و نامووسیان دەپارێزێت هەر وەکو دایک و خوشکی خۆی نامووسی ئەمانیش دەپارێزێت.....15

چەند جوانن مرۆڤە سوپاس گوزارەکان.............................................16

چەند جوانن ئەو مرۆڤانەی پەند وەردەگرن لە ڕابردوو ..........................17

چەند ئامۆژیارێکی بانگخوازی گەنج عمر ال عوضه................................18

رزق و رۆزیمان بەدەست خودایە کەواتە بۆچی بترسم..............................19

بۆچی ؟ چونکە"...........................................................20

هەڵسوکەوتوو مامەڵەی هاوشێوە.......................................................21
چەند جوانە...................................................................................22
چێژ بینین لە ژیانی دونیادا بە بیانووی.............................................23
چەند ئامۆژیارێک بۆ.......................................................................24

چەند جوانن ئەو مرۆڤانەی نرخی خۆیان دەزانن....................................25
چەند جوانن ئەو گەنجانەی تەمەنی خۆیان فرۆشتووە بە خودا.....................26

## چەند جوانە زەردەخەنە

....چەند جوانە کاتێک مرۆڤ بەیانیەکەی بە زەردەخەنەیەکەوە دەست پێدەکات ، سلام لە خێزانەکەی دەکات، زەردەخەنە دەکاتە سەر لێوانی خێزانەکەی ، ئەچێتە سەر کار بەزەردەخەنەیەکەوە کە هیوای لێدەبینرێت، سلام لە خاوەن پیشەکەی خۆی دەکات بە سەلامێک کە هیوای لێدەبینرێت ، چەند جوانە کاتێک قوتابیەک ئەچێت بۆ دەوام بەزەردەخەنەوە کە هیوای لێدەبینرێت، مامەلە لەگەل هاورێکانی وانەکانی مامۆستاکانی دەکات، چەند جوانە کاتێک دەدوێیت لەگەل هاورێیان هەمیشە لەگەڵ قسەکانت زەردەخەنەی لێدەبینرێت، هەمیشە قسەکانت هیوای لێدەبینرێت، هەرگیز بیری نێگەتیفانەت لێنابینرێت ،بە زەردەخەنەیەکەوە مامەڵە لەگەڵ خۆشیەکانت ناخۆشیەکانت دەکەیت ، ئا ئەمە هێزی زەردەخەنەیە ،هێزی زەردەخەنە وات لێدەکات کە بەرامبەرەکەت رێزت بگرێت گوێ بۆ رەئیەکانت بگرێت، زەردەخەنە وا لە رووخسار دەکات کە هەمیشە بە جوانی بمێنێتەوە ، باشە ئەی خۆشەویست(دروودی خودای لەسەربێت) نافەرمووێت {زەردەخەنە و رووخۆشیت بە رووی براکەت صەدەقەیە} هەڵسە ئیدی لەم دەموو چاوە خەمباراویەت، هەڵسە ئیدی لەم رووخسارە شێواوەت، زەردەخەنە بکە هەمیشەو هەمیشە.

...

## چەند جوانە ڕێزگرتن لە بەرامبەرەکەت

.....مرۆڤ هەمیشە ئەو کارو کردەوەیەی ئەنجامی دەدات رەنگدانەوەی ڕێزی خۆیەتی، مرۆڤی بەرێز ئەو کەسەیە کە هەمیشە رێز لە بەرامبەرەکەی دەگرێت، جا مرۆڤەکە لەهەر قۆناغێک بێت،چەند جوانە کاتێک گەنجێک ئەوەندە بەرێزە کە رۆژانە بە چەندان رەحمەتی بۆ دێت ،بە هۆی بەرێزیەکەیەوە رەحمەت بۆ دایک و باوکیشی دەچێت ، مرۆڤی بەرێز لە کاتی قسەکردنی هیچ کاتێک لە هەستی بەرامبەرەکەی نادات، کەسێکە کە رێز لە قسەی بەرامبەرەکەی دەگرێت و گوێی بۆ دەگرێت، بەرامبەر هەموو کەسێک بەرێزە تەنانەت ئەگەر لەسەر دینەکەی ئەیش نەبێت ، باشە ئەی خۆشەویست (درودی خودای لەسەر بێت ) نموونە نییە بۆمان کە سەرەرای ئازاردانی لەلایەن بێباورانەوە، کەچی هەمیشە رێزی وانی دەگرت و رۆژێک قسەیەکی ناخۆشی بەرامبەری نەکردن،مرۆڤی بەرێز ئەو کەسەیە کە رەوشتی زۆر بەرزە، وەکو هاوڵی بەرێز عمری کوری خەطاب فەرمووی{دین بگەیەنن بە بێدەنگی}گوتیان چۆن بە بێدەنگی گوتی بە رەوشتان، ئەمەش نیشانەی رێزگرتنە لە بەرامبەر،برای بەرێزم ژیان بە رێزگرتنەوە جوانە، ژیان بەو جۆرە جوانە کە هەموو بنەماکانی رەوشتت تیا بێت، ژیان بەم جۆرە جوانە کە بە قسەی جوان خۆرەوشتی جوان ئەنجام بدەیت بەرامبەر بە هەموو کەس.

## چەند جوانە گوێگرتن بۆ ئامۆژیار

....عمر ال عوضە لە کتێبێکی دەڵێت {مرۆڤەکان بەبێ بوونی ئامۆژیارێک هەرگیز ناتوانن لە گومڕایی بێنە دەر} ..چەند جوانە کاتێک مرۆڤێک ئامۆژگاریت دەکات تۆش گوێی بۆ دەگریت و سوپاسی دەکەیت ، برا و خوشکە بەرێزەکانم ئێمەی مرۆڤ هەمیشە پێویستمان بە ئامۆژگارییە بۆ ئەوەی ئەو ئەزموونەی ئەمان هەیتیان بۆ ئێمەشی باس بکەن ، گرینگەکە ئەوەیە ئێمە هەمیشە بچینە کن کەسانی شارەزا بۆ ئەوەی ئامۆژگاریمان بکەن و فێرمان بکەن چۆن مامەڵە لەگەڵ شتانی دەوروبەرمان بکەین ،گرینگەکە ئەوەیە هەر کەسێک ئامۆژگاری کردین ئێمە سوپاسی بکەین و پێی بڵێین خودای گەورە پاداشتت بداتەوە، زەردەخەنەیەکی بەرامبەری بکەین کە هەست بکات کارێکی گەورەی ئەنجام داوە ، ئێمە هیچ کاتێک نابێت خۆمان پێ گەورە بێت و بڵێین من پێویستم بە ئامۆژگاری ئێوە نییە، نا مرۆڤ هەموو کاتێک لای من وایە قوتابیە، بەردەوام شتی نوێ فێر دەبێت{ بۆیە هەمیشە هەوڵ بدە بۆ کاری باش} .

..

## چەند جوانە کاتێک کەسێک زانستێکی وای لا نییە لەجیاتی گاڵتەکردن پێی فێری زانستی دەکەین.

**قەت گاڵتە بە کەسێک مەکە کە زانستێکی وای پێ نییە!**

**.....برا و خوشکە بەرێزەکەم ئێمە کە خودا زانستێکی پێ داوین پێویستە ئەو زانستە بڵاو کەینەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی تریش سوودی لێ ببینێت ،کاتێک کەسێک هەڵەیەک دەکات ئینجا هەڵەکە لە قسەی بێت یان لە کرداری، لە جیاتی گاڵتەکردن پێی ئاگەداری دەکەینەوە بە تەنیا دوور لە چاوی خەڵک پێی دەڵێین کە ئەمەت هەڵەییە ، کاتێک قوتابیەک لە پۆلەکەیدا هەلەیەک دەکات چەند جوانە کاتێک مامۆستاکەی بە قسەیەکی شیرین بۆی راست دەکاتەوە، لەجیاتی بڵێت هەڵەی ئەڵێت ئەو وەڵامەت بۆ پرسیارێکی ترە وەڵامی راست ئەمەیە ، ئای چەند ناشرینە ! کاتێک قوتابیەک لە پۆڵ هەڵەیەک دەکات هاوپۆڵەکانی گاڵتەی پێ دەکەن و پێی پێدەکەنن، لەکاتێک دا ئەگەر بزانن چ هەستێکی هەیە لەم کاتانەیە هەرگیز پێی پێناکەنن ، باشە کە خودا زانستێکی پێداویت ئەبێت وا لە خۆبایی بیت! ئەبێت وا فییز بەسەر خەڵکی لێبدەیت! ئەمە کرداری موسڵمانە!**

## چەند جوانە کاتێک کەسێک هەڵەیەک دەکات و لای خەڵکی باسی ناکات

...براو خوشکە بەرێزەکەم هەموو مرۆڤێک شایەنی هەڵەیە، هیچ مرۆڤێک بێ کەموو کوڕی نییە ، بەڵام بەرێزان گرینگ لێرە ئەوەیە هەر کاتێک هەڵەیەک یان گوناهێکت ئەنجام دا با لەبەینی خۆت و خودای گەورە بێت، قەت نەکەییت لای خەڵکی باسی بکەیت ئەو کاتی دەبێتە شانازی بەو کارەی ئەنجامت داوە ، خودای گەورە ئەو کەسانەی خۆشدەوێت کاتێک گوناهێک ئەنجام دەدەن، لای کەس باسی ناکەن و دەگەرێنەوە بۆ لای خواو داوای لێخۆشبوونی لێدەکەن ...بۆ پێت واییە پیاو چاکان هەڵە ناکەن! با دەیکەن، بەڵام باس لە گوناهەکانیان ناکەن،تۆش بیشارەوە لە دەمشران مەبە. ، قەت نەکەیت لای هاورێیان ئەو شتە زۆر باوە ئێستا کاتێک کۆمەڵە هاورێیەک پێکەوە کۆدەبنەوە باس لە تاوانەکانیان دەکەن، یەک ئەڵێت ئەو شتەم ئەنجام دا، یەکێکی تر ئەڵێت بەو کەسەم رابوارد، یەکێکی تر باس لەتاوانێکی تر دەکات کە ئەنجامی داوە ،ئای ئەگەر دەزانن چەندە گوناهبار دەبەن بەو شتانەی کە ئەیلێن ئەوا هەرگیز دووبارەی ناکەنەوە.

## چەند جوانە کاتێک مرۆڤ قسەیەک ئەکات ئاگای لە قسەکەیەتی کە چی دەڵێت .

**....پێغەمبەر(درودی خودای لەسەر بێت) ئەفەرموێت:{ ڕەنگە مرۆڤ هاکەزایی قسەیەک فڕێ بدات و سەرئەنجام بخرێتە ناو ئاگرێکەوە کە فراوانیەکەی هێندەی دووریی نێوان خورهەڵات و خۆرئاوا بێت }. لەم باسە بۆمان دەردەکەوێت کە مرۆڤ زۆربەی کات ئەو قسەیەی ئەیکات ئاگاداری خۆی نییە کە چ قسەیەک ئەکات ، برا و خوشکە بەرێزەکانم ئاگاداری قسەکانتان بن نەکەن تەنها بۆ ئەوەی هاورێیانت دڵخۆشکەیت قسەی نابەجێ بکەیت ، ئاگاداربە هەر ووشەیەک کە دەری دەبریت لەسەرت دەنوسرێت و لەسەرت حیساب دەکرێت ، مرۆڤ بەهۆی قسەیەکەوە بخرێتە ناو ئاگر باشە ئەوە مانای ئەوە نییە ئیتر بزانین کە چی دەڵیین ، بەرێزەکانم رەنگە مرۆڤ قسەیەک بکات تەنها لەبەر دڵی هاورێکانی قسەیەکی نابەجێبکات، کەچی نازانێت لەسەر ئەم قسەیەی تووشی چ سزایەک دەبێت ، کەسی وامان هەیە هەر دەمی دەکاتەوە قسەی ناشرین لە دەمی دەردەچێت کە دەبێتە هۆی ئازاردانی چەندان کەس بەو قسەیەی ، کەسی واشمان هەیە تا قسەیەک دەکات هەمیشە بیر لە قسەکانی دەکاتەوە نەکا ئازاری کەسێکی پێبدات بەم قسەیە هەمیشە قسەی خێر لە دەمی دەردەچێت ، باشە بۆ سەیری پێشینەی خۆمان ناکەین کە چەندە بە قسە خێر بوون هیچ کاتێک قسەی ناشرینیان لە دەم دەرنەدەچوو کەسی وامان هەبوو بەردی دەخستە دەمیەوە نەکا قسەیەک بکات بەهۆی ئەم قسەیەوە خودای گەورە سزای بدات ئەی بەرێزەکانم کاتی ئەمە نییە کە ئاگاداری قسەکانمان بین ئەگەر ویستمان قسەیەکی خێر لەسەر شتێک بکەین نەمانزانی چی بڵێین ئەوا باشترین چارەسەر بێدەنگ بوونە .**

# چەند جوانە ئەو دڵانەی لە خوداوە نزیکن

....برا و خوشکە بەڕێزەکانم مرۆڤی سەرکەوتوو ئەوانەن کە لە خوداوە نزیکن ، هەمیشە هەرشتێکیان بوێت داوا لە ئەو دەکەن ، هەر کێشەیەک هەر ناخۆشیەک هەر هانا بۆ ئەو دەبەن ، برایان خوشکان دڵنیابن خودای گەورە چارەسەری هەموو کێشەیەکتان دەکات ، ئەگەر بەتەمای کارێکی یان بەتەمای شتێک ئەنجام بدەیت دەست بە دوعا بەو بپارێوە لەو زاتە ، باشە ئەی هەر ئەو نەبوو تۆی لە نەبوونەوە هێنا بوون ،هەر ئەو ئێمەی درەست کردووە هەر ئەویش دەزانێت چی بۆ ئێمە باشە ، هەمیشە لە خودای گەورە نزیک بە دڵنیا بن ئەوانەی لە خوداوە نزیکن هیچ کەسێک ناتوانێت ئازاریان بدات ، ئەوانەی لە خوداوە نزیکن کەسانێکن کە کاری باش ئەنجام دەدەن ، ئەی مرۆڤ ئەوە تۆیت زۆر بێدەسەڵاتی بەرامبەر ئەو زاتە ئەوە تۆیت مرۆڤ، ئەو دڵەی پەیوەستە بە خودا دڵێکە کە جوانی لێدەبینرێت کە جوانیەک دەبێتە رەنگدانەوەی رووخسار، ئەو دڵەی لە خوداوە نزیکە دڵێکی زۆر پاکە ئەو کەسەی لەخوداوە نزیکە کەسێکی زۆر لەسەرخۆو ئارامە هەمیشە بۆ کێشەکانی داوا لە خودا دەکات کەسێکە کە چارەسەری کێشەکانی ئەو کەسانەیە کە کێشەیان هەیە خۆشەویست (درودی خودای لەسەر بێت )دەفەرموێت {ئاگادار بن لەلاشەدا پارچە گۆشتێک هەیە ئەگەر سەلامەت بوو ئەوا هەموو لاشە سەلامەت دەبێت وە ئەگەر خراپ بوو ئەوا هەموو لاشە خراپ دەبێت ئاگاداربن ئەوەش دڵە } دڵنیا بن ئەگەر دڵ سەلامەت بوو هەموو ئەندامانی جەستە سەلامەت دەبێت ئای چەند جوانن مرۆڤە دڵ پاکەکان.

# چەند جوانن ئینسانە پاکەکان

**....ئێمە مرۆڤی پاک دەزانی جۆرەکانی پاکی چیین پێت بڵێم ؟ لەگەڵم بە مرۆڤە پاکەکان ئەو کەسانەن کە پاکن لە خاوێنی دڵ، خاوێنی جەستە، خاوێنی ژینگە ، با بێتو باسی خاوێنی دڵ بکەین، چەند جوانن ئەو کەسانەی کاتێک کە لەگەڵ کەسێک کێشەیەکیان هەیە شەو لەبەر خودای گەورە گەردەنی ئازاد دەکات و دڵی بەرامبەر پاک دەکاتەوە کە بەیانیەکەی لەخەو هەڵدەستێت ئەچێتەوە بۆ لای هەر وەکو ئەوەی هیچ رووی نەدابێت ،پاک و خاوێنی جەستە ، ئەمەش پێویستە مرۆڤ هیچ کاتێک خاوێنی جەستەی لەیاد نەکات، هەمیشە گرینگی بە سەر و قژی و جل و بەرگی و خۆ بۆن خۆشکردن و گرینگی بە خۆی بدات، مرۆڤی موسڵمان هیچ کاتێک پیسی و پۆخڵی لێ ناوەشێتەوە،پاک و خاوێنی ژینگە، ئێمەی موسڵمان کەسانێکین کە گرینگی بە پاک و خاوێنی ژینگە ئەدەین، ئەو شتەی بەکاری دەهێنین لە ژینگە فەڕێی نادەین بەڵکو کۆی دەکەینەوە بۆ ئەو شوێنەی کە تایبەتە پێی، شتێک لەسەر شەقام کەوتبێت کە پیسە کۆی دەکەینەوە با ئیخۆشمان نەبێت ئەی نازانیت بەو کارەت پاداشت وەردەگریت. خۆشەویست(درودی خودای لەسەر بێت ) دەفەرموێت{پاک و خاوێنی نیوەی ئیمانە} .**

## چەند جوانن ئەو کەسانەی گوێ بە قسەی خەڵک نادەن

...ناتوانین دەمی خەڵک بگرین تا قسەمان لەسەر نەکەن ، بەڵام خۆ دەتوانین ڕێگری لە خۆمان بکەین و گوێ بە قسەکانیان نەدەین.برا بەرێزەکانم خوشکە بەرێزەکانم خەڵکانێکی زۆرمان هەیە خودای گەورە هیدایەتیان بدات هەمیشە قسە لەسەر خەڵک دەکەن و ئیرەیی و حەسوودی دەبەن ، باشە گرینگە ئێمە کە ئەوان وان گوێیان بۆ بگرین! کارەسات ئەمەیە کە گوێیان بۆ بگرین، چونکە هەمیشە دەتشکێننەوە پێت دەڵێن ناتوانی دڵنیابە ئەو کەسانە شتێک لە تۆ دەبینن کە لەخۆیان دا نییە بۆیە قسەت لەسەر دەکەن، براو خوشکە بەرێزەکانم مرۆڤ ئەو ساتە سەرکەوتووە کە هیچ کاتێک گرینگی بە قسە روخێنەرەکانی خەڵك نادات، مرۆڤی سەرکەوتوو ئەمەیە کە دەزانێت کارێک سودی هەیە بۆ خەڵك ئەنجامی دەدەات تەنانەت ئەگەر هەموو خەڵکی سەرزەمینیش رێگر بن لێی ئەو هەر کارەکە دەکات، چونکە دەزانێت کارەکە سودی هەیە باشە ئەی نەتان بینی خۆشەویست (درودی خودای لەسەر بێت) کاتێک کە ئەم پەیامەی راگەیاند چ خەڵکێک رووبەرووی وەستا، ئایا گوێی بۆ ئەم خەڵکە گرت؟ بێگومان نەخێر، چونکە دەیزانی قسە روخێنەرەکانی وان تەنیا بۆ ئەمەیە کە ئەو بروخێنن کە پەشیمان ببێتەوە، خۆشەویست ئەو پەیامەی گەیاند، گەرچی تووشی ئەشکەنجەی زۆر بوویەوە، بەڵام هەرگیز نەوەستا، بۆیە مرۆڤ ئەگەر گوێ بۆقسەی خەڵک بگرێت سەرکەوتوو نابێت، هەموو کات لە ترسی خەڵک کارەکانی ئەنجام نادات، بۆیە ئەی مرۆڤ خۆتبە، سەربکەوە کاربکە بەم جۆرەی کە حەزت لێییە ،گوێ بۆ قسەی خەڵک مەگرە.

## چەند جوانە ئەو کارەی ئەنجامی دەدەیت دڵتی بۆ ببەخشی

**....سەروەرمان ئەبوبەکر رەزای خودای لەسەر بێت،وەک بیلال ئەشکەنجە نەدرا ،بەڵام لەو باشترە.**

**سەروەرمان ئەبوبەکر رەزای خودای لەسەر بێت،وەک عمر شەهید نەکرا،بەڵام لەو باشترە.**

**سەروەرمان ئەبوبەکر رەزای خودای لەسەر بێت،وەک ئەبی زەڕ هەژاری نەچێشت،بەڵام لەو باشترە.**

**سەروەرمان ئەبوبەکر رەزای خودای لەسەر بێت،وەک خالید سوارچاکەکانی بە زەویدا نەدان، بەڵام لەو باشترە.**

**سەروەرمان ئەبوبەکر رەزای خودای لەسەر بێت،وەک عبدوڵڵای بن مەکتووم بینای لەدەست نەدا،بەڵام لەو باشترە.**

**هەموویان رەزای خودایان لەسەر بێت.**

**بەڵام لێرەدا ئەبوبەکر رەزای خودای لەسەر بێت وانەیەکی گرینگمان فێرێمان دەکات.**

**ئەو دڵی بەخشی !**

**هەموو جوانیەکانی دڵی بەخشی !**

**سۆزی دڵی بەخشی !**

**تۆش دەتوانیت بە دڵێکی باش،پێش هەموویان بکەویت ،سوێند بەخودا دڵێکی جوان،گەنجینەیەکە بە هیچ سەروەت و سامانێک ناکڕرێت. بیریشت نەچێت کە خودا سەیری رووخسارو جەستەت ناکات، بەڵکە وەک پێغەمبەر(درودی خودای لەسەر بێت) فەرمووی سەیری دڵەکانمان دەکات.**

## چەند جوانن کەسە راستگۆکان و دەستپاکەکان

...شتێک وات لێ دەکات کەسانی نزیکت هاوکارت بن،زۆرترین رێزت لێ بنێن و هەرگیز دەستبەردارت نەبن،ئەو شتەش {راستگۆییە}!

کۆڵەکەی سەرەکی هەموو پەیوەندییەک،ئەوەیە کە درۆ لەگەڵ کەسدا نەکەیت!

براو خوشکە بەرێزەکانم پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێت) لەناو خەڵکەکەی بە راستگۆ و دەستپاک ناووی دەرکردبوو، کاتێک ئەو پەیامەی بۆ هات لەلایەن پەروەردگارەوە هات بۆ سەروەرمان ئەبوبەکر ڕەزای خودای لەسەر بێت باسی کرد دەزانی چۆن جوابی دایەوە!

{گوتی هەرگیز قسەی ناڕاستم لێنەبینیوی بۆیە باوڕم پێت هێنا}لێرە بۆمان دەردەکەوێت ئینسانی ڕاستگۆ ئەو کەسەی بەرامبەری زوو بڕوای پێدەهێنێت، وە لە دڵان زۆر بەرێزە ئینسانێکی خەڵك سیقەی پێی هەییە ئەمە هێزی راستگۆییە .

دەستپاکی...لێرە دووبارە نموونە بە خۆشەویستمان (درودی خودای لەسەر بێت) دەهێنمەوە خەڵک ئەوەندە سیقەیان پێی هەبوو هەرچی ئەمانەتە لای ئەویان دادەنا کە ئەیان زانی ئەمانەتەکەیان لای ئەو پارێزراوە، ئەمەش هێزی دەستپاکییە کە خەڵك سیقەت پێدەکەن.

**چەند جوانن ئەو کەسانەی سەیری ئافرەتی نامەحرەم ناکەن وناموسیان دەپارێزێت هەر وەکو دایک و خوشکی خۆی نامووسی ئەمانیش دەپارێزێت.**

**...براکانم سەیری خۆت بکە چەندە جوانی ئەوکاتانەی کە لە زانکۆ یان لە کاریت کە ئافرەتت لەگەڵدایە تەنها لەبەر خاتری خودای گەورە سەیریان ناکەیت، سەرت نزم دەکەیتەوە لەبەرامبەریان کە ئەو نزم کردنەوەیە سەربەرزی لەدوادا دێت لە ئاخیرەتدا، با ئەو شوێنەی لێی با زۆر ئافرەتی لێبێت، بەڵام تۆ ئاگادار بە سەیریان نەکەیت، چونکە وەڵا ئەو پیاوانەی کە زۆر سەیری ئافرەت دەکەن سەیری کەسایەتیان بکە چەندە نزمە، چەندە ناشرینن ئەو کەسانەی دایم لە دوو ئافرەتن توخودا گەر کەسێک سەیری خوشکەکەی خۆت بکات قوبوڵی دەکەیت؟ بێگەمان نەخێر. ئێ برا بەرێزەکەم ئەوانیش قوبوڵ ناکەن کە سەیری خوشکی وان بکەیت، بەهانەیە گەر بڵێیت باشە بۆ ئەو کچە خۆی جوان دەکات، باشە خەتای من چییە، برا بەرێزەکەم بەڵام خۆ تۆ دەتوانیت چاوت بەرامبەری بگریت، ئەی نازانیت بەو کارەت لای پەروەردگار پاداشت وەردەگریت،تۆ دەبێت ئەوەندە خووگر بیت کە ئەگەر کەسێک بە خراپە باسی خوشکێکی موسڵمانی لای تۆ کرد تۆ بەرپەچی بدەیتەوەو قوبوڵی نەکەیت کە باسی بکەن، ئاخر چۆن دەکرێت کورێک سەیری کچێک بکات کە زۆربەی جار ئابروشی لە کەدار دەکات تەنها بە بیانووی ئەوەی کە ئەندامێکی کەسوکارەکەی خۆی نییە! برا بەرێزەکەم لەبیرت نەچێت بەخوا لە دەرگای هەر کەسێک بدەیت لە دەرگات دەدەنەوە وەکو چۆن تۆش خوشکت هەییە و حەز ناکەیت کەس سەیری بکات خەڵکی تریش خوشکی هەیە و حەز ناکات کەس سەیری بکات.**

## چەند جوانن مرۆڤە سوپاسگوزارەکان

....براکان و خوشکە بەرێزەکانم هەرچیمان هەیە بە سەروەت و سامان و لەش ساغی و هەرچیمان هەیە هەر ئەو خودایيە پێی بەخشیوین، خودایەک کە ئێمەی لە نەبوونەوە هیناوەتە بوون، خودایەک کە ئێمەی دروست کردووە ئەندامانی لاشەی پێ بەخشیوین دوو چاو کە دەبینین دوو پێ کە پێی رێدەکەین دوو دەست کە پێی ئەتوانین هەموو کارێکمان پێی ئەنجام بدەین نووسین هەڵگرتنی شتەکان هەموو شتێک، باشە توخودا ئەو هەموو شتە شایەنی سوپاسگوزاری نییە، باشە نەتبینیوە ئەو خودایە چۆن سۆز و خۆشەویستی پێ بەخشیوین، باشە هەر ئەو خودایە نییە کاتێک دەکەوینە نارەحەتیەک رزگارمان دەکات و دەربازمان دەکات لەو کێشەیە ،باشە شایەنی سوپاسکردن نییە ئەو خودایە کە ئێمەی دروست کردووە خۆشیدەوێین و رێزی لێناوین ، براکان و خوشکەکانم سوێند بە خودا کاتێک دەکەوینە ناخۆشیەک یان شتێکمان دەوێت خودای گەورە شتێکی تری پێبەخشیوین دڵنیابن ئێمەی خۆشدەوێت بۆیە ئەوەی بۆ ئێمەی هەڵبژاردووە ،هەر ئەو خودایە ئێمەی دروست کردووە هەر خۆشی دەزانێت چی بۆ ئێمە باشە ،بە نمونەوە رۆژێک پیرە پیاوێکی سوپاس گوزار لە گوندێک دەژیا، بەردەوام هەر شتێکی بەسەر دەهات ئەی وت خێری تییایە، کورێکی هەبوو ئەو پیرە پیاوە زۆری خۆشدەویست ئەو کورە رۆژێک لەسەر ئەسپەکەی بەردەبێتەوە لاقێکی دەشکێت، خەڵکی گوند بە هات هاوارەوە چوون بۆ لای پیرە پیاوەکە وتیان کورەکەت لاقی شکاوە لەسەر ئەسپەکە کەوتووە پیرە پیاوەکە بێ دوودڵی فەرمووی {خێری تێدایە} خەڵکەکە وتیان خێری چی ئەوەتا لاقی شکاوە پیرە پیاوەکە دووبارە فەرمووی هەرچی خودای گەورە بیهێنێت خێری تێدایە، بۆیە دوای چەند رۆژێک کۆمەڵێک سەرباز بەسەر شارو گوندەکان دەسوڕانەوە هەر گەنجێکیان بدیتبا ئەوا راستەوخۆ لەگەڵ خۆیان ئەبردە سەربازی، بەڵام کە چوونە بۆ ماڵی پیرە پیاوەکە بینیان کورەکەی لاقی شکاوە ئەوانیش فەرموویان ئەو کوڕە بە کەڵکی سەربازی نایەت، لەدوای رۆیشتنیان پیرە پیاوەکە بە خەڵکی گوندەکە وت ئەی نەم وت هەرچی خودای گەورە بیهێنتە پێش خێری بەندەکەی تییایە، بۆیە لەهەموو عاڵەتێک سوپاسی خودای گەورە بکەو داوای لێخۆشبوونی لێبکە.{ سوپاس و ستایش بۆتۆ خودایە }.

## چەند جوانن ئەو مرۆڤانەی پەند وەردەگرن لەرابردوو

**...براو خوشکە بەرێزەکانم مرۆڤ لە رابردووی چەندین کار ئەنجام دەدات کە هەندێکیان تێیدا سەرکەوتوو بووە، هەندێکیشی تێیدا کەوتووە، ئینجا مرۆڤی سەرکەوتوو ئەوانەن کە لە سەرکەوتنەکانی رابردوو هەوڵی باشتربوون دەدەن ،لە کەوتنەکانیش پەند وەردەگرن،**

**لە رابردوویەکی بە سوێوە،فێر دەبین خۆمان باشتر بکەین،هەمووومان لە رابردوویەکدا ژیاوین کە تاڵیی رۆژگار تێیدا تەنگی بە مرۆڤ هەڵچنیوە!**

**هەموومان بە رۆژگەلی رەش و سەخت و ناخۆشدا تێپەریوین ،رۆژگارێک کە هەندێکمان وەخت بووە لە دڵتەنگیدا دڵمان هەلا هەلا ببێت،هەر بەراستی رابردوو بە ئازارە،بەڵام جوانیشە.**

**سوێند بە خودا گەر رابردوو نەبا،وەک ئێستا بەهێز نەدەبوویت.سوێند بە خودا گەر ئەو رابردووە نەبا ،هەرگیز وەک ئێستا ئاگەدار نەدەبویت کە چی لە دەوروبەرت دەگوزەرێت.....**

**ئەو تایبەتمەندییەش کە لە رابردووی بە سوێدا دەیدۆزینەوە؛{یارمەتیت دەدات باشتر لە هونەری ژیان و ئەزموونەکانی داهاتووت تێبگەیت}.**

**لەم ژیانەدا،مرۆڤ دەبێت تینووی رزگاری بێت،لەم ژیانەدا هەموو مرۆڤێک دەبێت بەشی خۆی تووشی نەهامەتی ببێت،تا دڵی فێری بەرگەگرتن و پشوودرێژی ببێت.**

## چەند ئامۆژیارێکی بانگخوازی گەنج عمر ال عوضە

1.دوو کەس دوای مردنت یادت دەکەنەوە:

1.دڵخوشێک کە بێتاقەتت کردووە!

2.بێتاقەتێک کە دڵخۆشت کردووە!

جا تا دەتوانی بێتاقەتەکان دڵخۆش بکە،نەک دڵخۆشەکان بێتاقەت بکەیت.

---

2. گەر رۆژێک خەم سەردانی کردیت،بەخێر هاتنی بکە،جا لەسەر بەرماڵەکەت دەری بکە....

---

3.هەر کەس لە بەرامبەر ئەو گوناحانەدا کە لەکاتی تەنیاییدا دەیانکات سەرزەنشتی خۆی بکات،ئەوا لەدەرەوە زۆر ئاسوودە دەبێت.

---

4.لە نیشانەکانی ڕازیبوونی پەروەردگار لە بەندەکەی خۆی {سەرکەوتنی بەندە لە پەرستن و ملکەچیکردنی فەرمانەکانی خودا}دەبینی ئەو بەندەیە بەردەوام ملکەچ و گوێڕایەڵی خودایە.سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە ئاسوودە بێت بە دوورکەوتنەوە لە کردنی هەموو ئەو شتانەی کە خودای گەورە تووڕە دەکەن.

## ڕسق و ڕۆزیمان هەر بەدەست خودایە کەواتە بۆچی بترسم

....دەگێرنەوە سولەیمان پێغەمبەر {علیە سلام} مێرولەیەکی دی دەنکە گەنمێکی رادەکێشا ،سەری سوڕما ئەم مێرولە بەم قەبارە بچوکەی خۆیەوە چۆن دەتوانێت ئەم بارەی کە چەند قات لە کێشی خۆی قورسترە هەڵبگرێت!

پرسیاری لە مێرولەکە کرد:ساڵی چەند دەنکە گەنم دەخۆیت؟ وتی: ساڵی دوو دەنکە گەنم ئەی پێغەمبەری خودا،

سولەیمان پێغەمبەر مێروولەکەی هەڵگرت و خستیە ناو سندۆقێکەوە دوو دەنکە گەنمیشی خستە ناوییەوە،

پاش ساڵێک سندوقەکەی کردەوە تەماشا ئەکات یەک دەنکە گەنمی خواردووەو دەنکەکەی تری دەم پێوە نەداوە،

سولەیمان {علیە سلام} پێی وت:ئەی تۆ نەتوت ساڵی دوو دەنکە گەنم دەخۆم،کەچی ئەوەتا یەک دەنکە گەنمت خواردووە؟!

مێرولەکە وتی: ئاخر قوربان هەتا لەو دەشت و سارایە بووم ڕزق و ڕۆزیم لەلای خودا بوو،دڵنیا بووم لەوەی خودا هەرگیز لەبیرم ناکات،بەڵام کاتێک ڕزقم کەوتە لای تۆ ترسام لەبیرم بکەیت ؛بۆیە دەستم پێوە گرت و پاشەکەوتم کرد.

سولەیمان پێغەمبەر{علیە سلام}زەردەخەنەیەکی کردو سەراسیمە بوو لە ژیری و دانایی ئەم مێرولەیە.

# بۆچی؟چونکە"

دەگێرنەوە:لەسەردەمی عەبباسییەکاندا یەکێک لە کاربەدەستەکان جەورو ستەمێکی زۆری لە ژێردەستەکانی خۆی دەکرد،ئەرکی زۆر قورس و تاقەت پڕوکێنی بەسەریاندا ئەدا،مافی خۆیانی نەئەدانێ،خەڵکەکە تینیان بۆ هات و بڕیاریاندا بچن بۆ بەغداد و سکاڵای خۆیان بۆ لای خەلیفە بەرزبکەنەوە.شاندێکیان پێکهێناو پیاوێکی ژیرو دانایان کردە دەمڕاست و سەردەستەی خۆیان،ڕۆیشتن تا گەیشتنە بەغداد،کە گەیشتنە بەغداد سەردەستەکەی هەستایەوە و بە خەلیفەی وت:بۆچی؟

خەلیفەش وتی چونکە ! ئیتر نەئەم قسەو نە ئەو قسە.

سەردەستەکە لای کردەوە بەلای ئەوانەی لەگەڵیدا بوون و پێی وتن : هەستین با بچینە دەرەوە ،وەڵامی خۆمان وەرگرت و دیدار کۆتایی هات.

شاندەکە سەریان لەم مەتەڵە دەرنەدەکرد ،بۆیە داوایان لە سەردەستەکە کرد ئەو گفتوگۆیەی نێوان خۆی و خەلیفە شیبکاتەوە.

سەردەستەکە وتی :بە خەلیفەم وت:'بۆچی" کاربەدەستەکانت ستەم و نەهەقیان بەرامبەر دەکەن؟

خەلیفەش لە وەلامدا وتی 'چونکە" خۆتان هەر چۆن بن خودا فەرمانڕەوای بەو جۆرەتان بۆ دەنێرێت !دیارە خۆتان خراپن بۆیە کاربەدەستی خراپتان بووە بەتووشەوە!

## هەڵسوکەوتوو مامەڵەی هاوشێوە

....برا بەریزەکانم خوشکە بەرێزەکانم مرۆڤ ئەو کاتە جوانە کە بەرامبەر هەموو کەسێک مامەڵەی باشە، وە بەو جۆرە مامەڵە دەکات کە پێی خۆشە خەڵکانی تریش وابن لەگەڵی، بە نموونە باسی دەکەین

{دەگێرنەوە: کۆمەڵە جوتیارێک لە کێڵگەیەکدا هێلکەی مارێکیان دۆزییەوە،لە شوێنەکەی خۆیان هەڵیان گرتوو گواستیانەوە بۆ شوێنێکی تر،لە دوورەوە چاودێریان دەکرد تا بزانن کاردانەوەی مارەکە چی دەبێت !

مارەکە گەرایەوە بۆ شوێنەکەی خۆی و بینی هێلکەکەی لە شوێنی خۆیدا نەماوە،بەخێرای چوو بۆلای ئەو مەرکانە ئاوەی کە جوتیارەکان ئاویان لێ دەخواردەوە ژەهر رێژی کرد.

جوتیارەکان هێلکەکەیان بردەوە بۆ شوێنی خۆی،لە دوورەوە چاودێریان کرد تا بزانن ئەمجارە کاردانەوەی مارەکە چۆن دەبێت.

کاتێک مارەکە گەرایەوەو بینی هێلکەکە هاتووەتەوە بۆ شوێنی خۆی یەکسەر بەرەو لای مەرکانەکە کشاو خۆی لێ ئاڵاندو ڕایوەشان هەتا قلّپی کردەوەو ئاوە ژەهراویەکەی ڕژاندە سەر زەوی!

## (چەند جوانە)

....مرۆڤ لەو ژیانەدا ئەوەندە نزیکە لەیەکەوە بەهەر تێروانینێک بۆی بروانی ئەبینە برای یەکتر، ئێمە لەم باسەدا ئەڵێین جۆرەکانی بوون بە برا چۆنە؟ 1.برای خوێن 2.برای باوکە گەورەمان و دایکە گەورەمان 3.برای دین.....ئێمە هیچ ئیشکاری تیپا نییە کە دوو کەس کە برای یەکترن ئەوە لە خوێن دیارە کە لە یەک دایک و باوکە وە، دەربارەی باوکە گەورەمان و دایکە گەورەمان واتە باوکە ئادەم و دایکە حەوا کە لەوەشەوە برای یەکترین، بەڵام ئەوەی گرینگە باسی بکەین برای دین، برا بەرێزەکانم کاتێک خۆشەویست (درودی خودای لەسەر بێت)کاتێک کۆچی کرد بۆ مەدینە، لەکارە سەرەتایەکانی ئەوە بوو کە موسڵمانانی کرد بە برا، ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە خۆشەویستی زیاد بکات لە نێوان موسڵمانان، لەبەر ئەوەی بوو کە پەیوەندیەکی تۆکمە دروست بکات لەنێوان موسڵمانان، برا بەرێزەکانم بروا بکە ئێمە هەمووومان برای دینین، کە برای دینین برایەکمان لەهەر کوێیەکەوە یان لەهەر شوێنێکەوە کێشەیەکی هەبێت پێویستە یارمەتی بدەین و دڵمان بۆ بوەستێت بۆی، ئەوەند لەخەمی دابین تا کێشەکەی چارەسەر نەکەین دڵمان ئاو نەخواتەوە، موسڵمان ئەوەندە پێویستە لەخەمی یەکتر دابێت کە شەوکردنەوەی و رۆژی بەیادکردنەوەی ئەوانەوە بێت، سەیری هاوەڵی بەرێز عمری کوری خطاب بکە ،کاتێک کە لە دوای نوێژی بەیانی ئەڵێت فلان لە کوێیە ئەویش ئەڵێت لێرەم ئەی ئەمیری بڕواداران، ئەویش ئەڵێت سوێند بەخودا ئەم شەو ئەوەندەم بیر دەکردیت خەوم لێنەدەکەت بەهۆی ئەو بیرکردنەت، لێرەش سەیری بکە هاوەڵی بەرێز خەڵکی مەکە، ئەمەیتر ئەنساریەکە خەڵکی مەدینە، سەیری خۆشەویستیان بکە بۆ یەکتر چەنێک جوانە، بۆیە براکانم هەمیشە بە برای یەکترەوە سەیری یەکتر بکەن و با هەمووومان لە خەمی یەکتریدابین.

## چێژ بینین لە ژیانی دونیادا بە بیانووی...

چێژ بینین لە ژیانی دونیادا بە بیانوی ئەوەی کە یەک جارەو جێی دەهێڵین،کارێکی دروست و سروشتییە،بەڵام بەو جۆرە نا کە هەندێک کەس بانگەشەی بۆ دەکەن.ئەو جۆرە چێژ بینینەی کە لەگەڵ فەرمانەکانی خودای گەورەو سونەتی پێغەمبەر(درودی خودای لەسەر بێت) نایەتەوە!ئەوەی کە چێژ لەهەموو ئەو شتانەش ببینین کە خودا لەسەری قەدەغە کردووین بە بیانووی ئەوەی کە یەک جار دەژیین،ئەمە لە ئیسلامدا کارەسەتە!داواکارین خودا سەرفرازو تەندروستمان بکات.رەنگە خۆشیەکانی ژیان بۆ زۆر کەس رێگەپێدراوبن ،بەڵام لای موسڵمان وەک زۆنگێکی تاوان وان.مرۆڤ دوو جۆرە،یەکەمیان ئەو کەسەیە کە بە شوێن ژیاندا رادەکات و دەکەوێت،دووەمیان ئەو کەسەیە کە کە ژیان بە ناچاری بەدوایدا رادەکات.یەکەمیان ئەو مرۆڤە گومڕایەیە کە خۆی ڕادەستی هەواوهەوەس و گومان کردووە،دووەمیان ئەو مرۆڤەیە کە ملکەچی خودایە و خۆی لەهەموو ئەو شتانەش بەدوردەگرێت کە خودا لێی قەدەغە کردووە.جا هەر کەس دوارۆژی خۆی لە پێناو ئەم دونیایەدا بفرۆشێت ،ئەوا دۆڕاو و بێئومێدە ،هەر کەسیش دونیای خۆی لە پێناو دوارۆژدا بفرۆشێت ،براوەو خۆشبەختە.

زۆرن ئەو کەسانەی لە کاتی بریاردان سترێسن و ناتوانن بە ئاسانی بڕیاربدەن، ئەگەر تۆ یەکێکیت لەو کەسانەی لە کاتی بریاردان دودڵیت، دەتوانیت سود لەم چەند ئامۆژگاریە وەربگریت :

1.پشت بەستن بە خوداو نەترسان لەو کارەی ئەنجامی دەدەیت ئەم خاڵە گەورەترین سەرکەوتنە.

2. سود لە ئەزمونی کەسانی دیکە ببینە، بۆ نمونە کاتێک لە پیشەکەت روبەڕوی گرفتێک دەبیتەوە راوێژ بەو کەسانە بکە کە پیشەکەیان لە تۆوە نزیکە .

3. هەمیشە بیر لە لایەنە ئەرێنیەکەی بکەرەوە.

4.بە شتێکی ئاسایی وەری بگرە ئەو کارەی ئەنجامی دەدەیت ئاگادار بە سترێس کات کوژێکی زۆر گەورەیە، بۆیە ئەو شتەی ئەنجامی دەدەیت بە شتێکی ئاسای وەریبگرەو مەترسە لێی، سەیری کارەکەی خۆت بکە ئەگەر زانیت ئەتوانیت ئەنجامی بدەیت، واتە کاتت هەیە بۆی ئەنجامی بدە ،کاتێک دوو کارت یەتە پێشەوە لە جیاتی سترێس کارێکیان سەرەتا ئەنجام بدە، بە دڵی خۆت بەگێورەی پێویستیەکەی کارەکە، سەرەتا بزانە کام کارەیان گرینگە ئەنجامی بدەیت بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی ئەنجامی بدە ،دواتر کارەکەی تر بەم جۆرە لە جیاتی سترێس کات کوشتن پێی ئەوا ئێمە کارەکەی خۆمان بەجوانی و زۆر بەشێوەیەکی ئاسای ئەنجامی دەدەین ،بۆیە هیچ کاتێک ئەگەر زانیت کارەکە خێری پێوەیە ئەوا سترێست نەبێتو ئەنجامی بدە چونکە سترێس رێگرە لە کارەکان.

## چەند جوانن ئەو مرۆڤانەی نرخی خۆیان دەزانن

برا بەرێزەکان و خوشکە بەرێزەکانم مرۆڤ ئەو ساتە جوانە کە نرخی خۆی دەزانێت، ئەو ساتە سەرکەوتووە کە نرخی خۆی دەزانێت، مرۆڤ ئەگەر هاتوو نرخی خۆی زانی و رێزی خۆی گرت، ئەوا هیچ دوژبنێک ناتوانێت زەربەی لێبدات و کەرامەتی بشکێنێت، مرۆڤ ئەگەر نرخی خۆی زانی ئەو کاتی نرخی کەسانی دەورەبەری خۆشی دەزانێت، دەزانێت چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، مرۆڤ ئەو ساتەی نرخی خۆی زانی و وتی من سەرکەوتووم ئاستی سەرکەوتنەکانی بە فەزڵی خودا زیاد دەکات، ئەو کاتەی مرۆڤ نرخی خۆی زانی ئەزانێت کێ شایەنی ئەوەیە کە قوربانی بۆی بدات و کێش شایەنی ئەوە نییە کە قوربانی بۆ بدات، مرۆڤ بەوە جوانە کە هەموو بەیانیەک کە لەخەو هەڵسا بڵێت من کەسێکی رێزدارم، من کەسێکی سەرکەوتووم، من کەسێکم کە کەس ناتوانێت زیانم پێبگەیەنێت، چونکە من نرخی خۆم دەزانم .

## چەند جوانن ئەو گەنجانەی تەمەنی خۆیان فرۆشتووە بە خودا

**...گەنجێک تەمەنەکی تەواوی تەمەنەکەی بۆ خودا سەرف کردبێ، فرۆشتبێتی بە خودا، بەخشیبێتی بە خودا، بۆ خوا ژیا، بۆ خواش مرد،خۆشەویستەکانم بەنرخترین و جوانترین شت لای مرۆڤ، تەمەنی گەنجیەتی و لاویەتیە ،بەنرخترین وجوانترین شتیش لای خودای گەورە بەهەشتە،هەرکەسێک تەمەنی گەنجیەتی بدا بە خوا ،بیفرۆشێ بە خوا ،خودا لە موقابیلە بەهەشتی ئەداتێ ،ئەزانن بۆچی هەر کەسێک گەنجیەتیەکەی خۆی بدا بە خوا خودا لە موقابیلە بەهەشتی ئەداتێ ،چونکە تەواوی تەمەن واتە گەنجایەتی.**

**م.سۆران عبدالکریم**

**....برا بەرێزەکان و خوشکە بەرێزەکانم ئای چەندە جوانن ئەو گەنجانەی لە کاتێکدا لە نێوان هەزارەها ئافرەتن و لەنێوان هەزارەها پیاون و لە نێوان هەزارەها فیتنە دان  لەو سەردەمەش ئەڵێت لە خودا دەترسم سەیری ناکەم لە خودا دەترسم کاری خراپە ناکەم ئای چەندە جوانن ئەو گەنجانە.**